# ئیبراهیم یاسین ـ هونەرمەندی شیوەکار و خۆشنوس



## سەردانێک بۆ لای ئیبراهیم یاسین ـ هونەرمەندێک کە ڕۆژ و مانگ و چیاکان لەباوەش دەگرێت

ڕێگای من و ئیبراهیم یاسین لەڕێگەی کارەکەمەوە لەگەڵ کۆبنهاگن ئارت سپەیس ٢٠١٩ یەکتریان گرتەوە. من عاشقی کارە هونەریەکەی بەناوی "ناڵەی جودایی" بوم. کارێکی هونەری ناوازە کە بە ڕەنگی ئاوی و نوسینێکی ڕێکوپێکی کوردی بە بەکارهێنانی کلۆرەوە بەرهەمهاتوە. خۆم کارە هونەریەکەم کڕیوە وەک بەشێک لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە کاری هونەری تایبەت بەخۆم و هەر لەوکاتەوە تامەزرۆی ئەوەبوم کە بزانم چ تەکنیکێک لەپشت کارەکانی ئیبراهیمەوەیە.



ئیبراهیم و هاوسەرەکەی هیلال منیان داوەتکرد بۆ قاوەخواردنەوەیەک لە ماڵە خنجیلانەکەی خۆیان لە فردرکسبێرگ.
بەرهەمی سەردانەکە چەند قسەیەکی پڕبەرهەم بون لەبارەی بەهاکانی ژیان، هەوەسی داهێنان و هەروەها شارەزابونی زیاتر لە دونیای هونەری ئەم هونەرمەندە.

## چواردەوردراو بە چیا

ئیبراهیم یاسین لە ساڵی ١٩٦٧ لە شارۆچکەی دیانا لە باکوری عیراق لەدایکبوە. چواردەوری شارۆچکەکە بە ٣٦٠ پلە بە چیا دەوردراوە. تەنها یەک ڕێگا بۆ ئەم ناوچەیە دەچێت. ئیبراهیم لەیادیەتی کە مرۆڤ دەیتوانێ بزانێت کێ هاتۆتە شارۆچکەکەوە وە هەروەها هیچ ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەم ڕێگایە نەبو ئەگەر بهاتبایە ڕێگاکە بگیرایە.

ئیبراهیم دەڵێت:"هەمو بەیانیەک کە لەخەو هەڵدەستام، سڵاوم لە چیاکان دەکرد. چیاکان شێوەی جۆراوجۆریان هەبو. هەندێکیان پانوبەرین بون، هەندێکیان تیژ یانیش لوتکەیەکی نەرم و خڕیان هەبو. هەربۆیەش چیا یەکێک لە توخمە هەرە گرنگەکانە لە کارە هونەریەکانمدا. پێکهاتەی چیاکان و دەوروبەرە سەرنجڕاکێشەکە وەکو بیرەوەریەک چەسپاون کە بەبێ ئاگایی لەسەر پەڕەی کاغەز دەردەکەون لەوکاتەدا کە من کاری هونەری دەخوڵقێنم".

بیرەوەریەکانی کاتی منداڵی و لاوێتی و کۆچکردن لەڕێگەی چیاکانەوە مۆری خۆی لەسەر کارەکان داناوە. خولیابونی نیشتیمان بەشێکی هەرە گرنگە کە هەردەم لەگەڵ ئەم هونەرمەندەدایە. کارەهونەریەکان توخمی وەکو چیا، ڕۆژ و مانگ لەخۆدەگرن. چیا و دیمەنی سروشتی کە بە زەرورەت لە واقیعدا بونیان نیە.

توخمەکان بارودۆخێکی دەرونی و هەستێک دەبزوێنن کە هەست بە کەشەکەی دەکرێت بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە. کارەهونەریەکانی ئیبراهیم هەموکاتێک ئەرخەوانی نین ـ بەڵام زۆرجار هاوسەنگیەکە لەنێوان ژیانێکی ئاسودە پێش هەڵگیرسانی شەڕ و بیرهێنانەوەیەک بەوەی کە ژیانی ئێمە ناسک و گرانبەهایە. هەندێک کەس لە شەڕ و کۆچکردن دەربازدەبن ـ هەندێکی تریش بەداخەوە نا. خێزانەکەی ئیبراهیم ناچاربون کە هەمو شتێک لەپشت خۆیان بەجێبهێڵن لە ئەپریلی ١٩٩١. ئەوان ڕزگاریان بو و گەشتە پڕمەترسیەکەیان لەڕێگەی ڕێگە باریکەکانی چیاکانەوە بەکۆتایی هێنا بەمەبەستی دەربازکردنی ژیانی خۆیان و گەیشتن بە سنورەکانی تورکیا.



## پڕۆسە پێچەوانەکە ـ نوسین بە کلۆر

خوڵقاندنی کاری هونەری لەڕێگەی بەکارهێنانی کلۆرەوە تەکنیکێکی زۆر تایبەتە کە من جگە لە ئیبراهیم هیچ هونەرمەندێکی تر شک نابەم ئەم کارەی کردبێت. کلۆر دەتوانێت شتێک بکات. ئەمە پڕۆسەیەکی پێچەوانەیە. لەبڕی ئەوەی ڕەنگێک بۆ کارەهونەریەکەت زیادبکەیت، ئەوا لەڕێگەی بەکارهێنانی کلۆرەوە ڕەنگ هەڵدەگریت.

ئیبراهیم دەڵێت:"کاتێک کە تەمەنم ١٠ـ١٢ ساڵ بو، براگەورەکەم خوێندنی زاکۆیی دەستپێکرد و ئەو بە قەڵەمی مەرەکەب دەینوسی. هەندێکجار پەڵەیەک لە مەرەکەبەکەی دەکەوتە سەر کراسە سپیەکەی. ئێمە توانای ئەوەمان نەبو کە لەبری ئەو کراسێکی نوێی بۆ بکڕین و ناچار دایکم پەڵە مەرەکەبەکەی لەڕێگەی بەکارهێنانی کلۆرەوە لادەبرد. بەپەیوەندی لەگەڵ کاری هونەریمەوە، بیرم کردەوە کە دەبێت و دەتوانرێت کەڵک لە کلۆر وەربگیرێت. هەر لەبەرئەوەش دەستمکرد بە بەکارهێنانی کلۆر لەسەر ڕەنگی ئاوی شل. ئەمە پڕۆسەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە. من وەکو خۆشنوس کارمکردوە و هەروەها حەز لە نوسینی دەستی دەکەم".

ئەگەر نوکی قەڵەم برێکی زۆری لە کلۆر پێوەبێت، ئەوا تێکستەکە سپی دەردەچێت، چونکە کلۆرەکە هەمو ڕەنگەکە هەڵدەگرێت. ئەگەر تۆ بەردەوامبیت لە نوسین، ئەوا بڕی کلۆرەکە کەمدەبێتەوە و تۆنی ڕەنگەکە سپی نابێت، بەڵکو تۆنێکی کاڵتر دەردەچێت لەو ڕەنگە ئاویەی کە لەسەری کاردەکەیت ئەمەش بەپێی جۆری ئەو ڕەنگەی کە بەکاریدەهێنیت.

نوسینی کوردی و بەکارهێنانی هۆنراوە مۆرکێکی تایبەتە بەسەر کارە هونەریەکانی ئیبراهیمەوە. ئەو جوانترین و ڕێکوپێکترین خۆشنوسی دەستی هەیە کە ئەو ئاوێتەی ناو کارە هونەریەکانی دەکات. تێکستەکان هۆنراوەن، گۆرانین یانیش تێکستی خۆیەتی. لەڕوی گرافیکیەوە زۆر بەجوانی دەگونجێت ـ هەروەها هێزێکی زیاتر بە کارە هونەریەکان دەبەخشن.

"مانگ و ڕۆژ دوو توخمی دیارن لە ژیانی هەر یەکێکماندا. من پەیوەندیەکی تایبەتم لەگەڵ مانگدا هەیە ـ لەوانەیە لە ڕۆژ زیاتر. من بەجوانی لەیادمە کاتێک کە هاوینان لەسەر بانەکەمان دەخەوتین، چونکە لە ژورەوە گەرم بو. ئێمە لەسەربانەکە پاڵدەکەوتین و سەیری مانگ و ئەستێرەکانمان دەکرد. مانگ بۆ من سیمبۆلی جوانی، کەشی شاعیری و تەنیاییە. جگەلەمەش مانگ لە زۆر هۆنراوەی کوردیدا باسی لێوەکراوە و هەندێکیش لەم هۆنراوانە کراون بە گۆرانی" ئیبراهیم وا قسەکانی بەردەوام دەکات.

یەکێک لەو هۆنراوە کوردییانەی کە ئیبراهیم لە کارە هونەریەکانیدا بەکاریدەهێنێت کە باس لە مانگ دەکات ئەمەیە:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوک هاودەردین
هەردوک گرفتاری یەک ئاهی سەردەین
تۆی ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بە شارانەوە

ماناکەشی ئەوەیە کە هۆزانڤانەکە خۆی بە مانگ دەچوێنێ، چونکە هەردوکیان تەنیان. هۆزانڤان تەنیایە لە شارەکەی خۆی و مانگیش تەنیایە لە ئاسمانی پان و بەریندا.



ئیبراهیم یاسین ـ کارێکی هونەری سەوز بەرهەمهاتو بە کاریگەری خوێی ماشێنی ئامانشۆر

## تەکنیک

لەسەر مێزی کارکردنەکەیدا، ئیبراهیم سیحر لەگەڵ مەرەکەب و ڕەنگەکان لەسەر کاغەزی لووس دەکات. ئیبراهیم ئەوە ڕوندەکاتەوە کە جیاوازی هەیە کە چۆن ڕەنگەکان خۆیان دەنوێنن. ئەو مەرەکەبی هیندی ڕەش بەکاردەهێنێت. ئەم مەرەکەبە بەشێوەیەکی خێراتر لەسەر کاغەز دەچەسپێت بەبەراورد لەگەڵ ڕەنگی ئاوی. ئەو ئەنجامەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی جوداجوداوە دەخوڵقێنێت.

یەکێک لە تەکنیکەکان بەکارهێنانی خوێیە. خوێی ورد، خوێی درشت و بلۆکە خوێی گەورە کە لە بواری پیشەسازیدا بەکاردێت کە ئەویش نەخشێکی زۆر تایبەت دروستدەکات. ئەو نەخشانەی کە بەرهەمدێن جیاوازیان هەیە و لەسەر ئەوە دەوەستێت کە ئیبراهیم بڕێکی کەم یان زۆر لە ئاو لەکاتی پرۆسەکەدا بەکاردەهێنێت یانیش هەر بەکاریناهێنێت.

لەسەر مێزەکە کارێکی هونەری خۆی بە ڕەنگی سەوز دانراوە کە کەمێک ڕەنگی پرتەقاڵی تێدا یە کە ئەویش لەڕێگەی ڕەنگی سپرای جلوبەرگ زیادکراوە. ئەنجامەکەی چەند فۆرمێکی چوارگۆشەیین. کارەکە لە شارێک دەچێت کە لە ئاسمانەوە وێنەی گیرابێت و چەند خانویەک دیارن و لە کاتی شەودا ڕوناکیان تێدا داگیرساوە.



## ئامرازەکان

ئیبراهیم زۆر حەز لە تاقیکردنەوەی ئامرازی نوێ دەکات. زۆرجار ئەو خۆی ئامرازەکان لە کەلوپەلی ژیانی ڕۆژانە دروستدەکات کە ئەوانیش بۆ خوڵقاندنی نەخش بەکاردەهێنێت کە بە دەست ئاستەمە هەمان ئەنجام بەدەست بهێنیت. لەسەر هەندێ دەلاقەی بچوک لەتەک مێزەکەیەوە ئامرازی جۆراوجۆر دانراون لەناو چەند پەرداخێکی شوشەد:

- فڵچەیەکی ددان کە بە دەسکە دارێکەوە چەسپێنراوە
- دەزوی زبری گەسکی پاککردنەوەی شەقام کە لەناو بۆریەکی ئەلەمنیۆم چەسپێنراون
- فڵچەیەک کە لە هەندێک پەتی درێژ پێکهاتوون
- شانەیەکی ئاسنینی کۆن کە لە بازاڕی کۆنەفرۆشی دەستیکەوتوە وبەکاردێت بۆ دروستکردنی هەندێ نەخش و بازنەی ڕێکوپێک
- سیمی شوشتنی قاپ و فڵچەی ئارایشتکردن

من داوام لە ئیبراهیم کرد کەوا سێ لە ئامرازە خۆشەویستەکانی هەڵبژێرێت کە لە کاتی جودادا ڕۆڵیان هەبوە:

لە ٢٠١٣ تاوەکو ٢٠١٨ ئەو زیاتر قەڵەمی تێهەڵاندن و مەرەکەبی هیندی ڕەش بەشێوەیەکی ترادیشناڵ باکارهێناوە

لە ٢٠١٨ ئیبراهیم لەکاتی پاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی سەندوقێکی ئامرازەکانی وێنەکێشان هەندێک فڵچەی وشکهەڵاتوی دۆزیەوە. ئەو فڵچەکانی لە مەرەکەب هەڵهێنا و چەند هێڵێکی پێ کێشا و بۆی دەرکەوت کە شتێکی زۆر تایبەتی لێ دروست دەبێت.

لە ٢٠٢٠ فڵچەی ئارایشتکردن ئامرازێکی خۆشەویست بوە، چونکە ئەم فڵچەیە دەتوانێت ناسکترین نەخش یان ڕوکار لەسەر کاغەز دروست بکات.

بەدواداچون بۆ پێشوەچونی کارە هونەریەکانی ئیبراهیم یاسین جێگەی سەرنجە. ئەگەر ئارەزوت هەبێت کەوا یەکێک لە کارەکانی ئیبراهیم یاسین بەدەست بێنیت ئەوا سەیرێکی ماڵپەڕەکەی **خۆی** www.ibrahimyassin.com بکە.